www.kurdistannet.org
7-2-2007 20:05 بەكاتی ناوەندی ئەورووپا

## هەڵبژاردەی بەڕازیل لە یاریەكی دۆستانەدا ڕوبەڕووی پرتوگال بوو ... ئەنوەر خەراجیانی



یاری نێوان بەڕازیل و پرتوگال

لە یاریەكی بەهێزو سەرنج ڕاكێشەردا هەردوو هەڵبژاردەی بەڕازیل و پرتوگال ڕوبەڕووی یەك بوونەوە لە یاریەكی دۆستانەدا لە شاری لەندن و یاریگای ئیمارات بە ئامادەبوونی 65000 بینەر بەڕازیل داوی كۆتایی خولی مۆدیالی 2006 كە لە ئەڵمانیا بەڕێوە چوو ڕاهێنەر و چەندیاریزانێك دەستان لە كار كێشاییەوە پاشان یاریزان و كاپتنی بەڕازیل پێشوو دۆنگا بوو بە ڕاهێنەری بەڕازیل كالۆس دونگا گۆڕانكاری كردلە هەڵبژاردەی بەڕازیل چەند یاریزانێكی ناوداری
تیپەكەی دورخستەوە و چەندیاریزانێكی لاوی خستە ڕیزبەندی تیپەكەی لەو ڕۆژەوەی دۆنگا دەست بەكارە لە گەڵ تیپەكەی چەندیاریەكی دۆستانەیان ئەنجام داوە ئەنجامی یاریەكان هەمووی ئیجابی بووە هەردوو هەڵبژاردەی بەڕازیل و پرتوگال ڕاهێنەرە كەیان بەڕازیلین شێوازی یاریكردنی هەردوو تیپ وەك یەك وایە. گێمی یەكەمی یاریەكە كۆتایی هات بەبێ گۆڵ
هەرچەندە یاریەكە زۆر بەهێز بوو بەڵام نەیان توانی گۆڵ تۆمار بكەن لە گێمی دووەمی یاریەكە هەردوو ڕاهێنەر سكۆلاری و دۆنگا كەوتنە گۆڕینی یاریزانان بەڵام دیارە سكۆلاری شارەزایی باشترە لە كالۆس دونگا بۆیە توانی لە گێمی دووەمی یاریەكە سەركەوتن دەستەبەر بكات بۆ پرتوگال. لە خولەكی 82 – 90 پرتوگال گۆڵەكانیان تۆماركرد لە ڕێگای یاریزانان سابریسۆسیما و ڕیكاردۆ كاوفالۆ بەم جۆرە یاری كۆتایی هات بە ئەنجامی 2 گۆڵ بێ بەرامبەر بۆ پرتوگال

ئامادەكردنی
ئەنوەر خەراجیانی

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.